عەبدوڵڵای حەسەن زادە

# ئەو برادەرانە هەمیشە ئێمەیان بە خیانەتکار زانیوە، وتویانە لە ناوچەی سلێمانی ٣٠٠ کەس کوژراوە هەمووی بەدەسیسەی عەبدوڵڵای حەسەن زادەو جەلال تاڵەبانی بووە



دیداری سۆران پالانی
فۆتۆ : هێمن

**دواجار حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەتبوو، باڵەکانی ناو ئەو حزبە گەیشتنە ئەو بڕوایە کە چیتر ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و بۆیە هەر باڵێکیان لەژێر چەتری حزبێکی نوێدا خۆی سازدایەوە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە رێبەری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرۆکایەتی باڵی نەیاری دەکردو سەرەنجام باڵەکەی حەسەن زادە بووە باڵێکی جیا لە حزبی دیموکرات.**

**لە یەکەم دیداریدا دوای جیابوونەوەی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەوەی لەژێر بەرەیە دەربارەی لەبەریەکترازانی حیزبی دیموکرات دەیخاتە سەر بەرە.**

● **لڤین: پاش جیابوونەوەی هەردوو باڵەکە، باروودۆخی حزبی دیموکرات بە کوێ گەیشتووە؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: لە واقیعدا ئەو کێشەیە چارەسەر نەبووە، ئێمە لەو بەیاننامەیەدا کە دەرمانکردبوو، بە پلەی یەکەم داوامان لە کۆنە هاورێکانمان کردبوو کە بێنە پێشەوەو لەناو خۆماندا بەشێوەیەکی شارستانییانە کێشەکان چارەسەر بکەین و لە یەك جیاببینەوە، هەر لەوێ گوترابوو گەر وا نەبێت ئەوا ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاربەدەستان، داوامانکردبوو لە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبی سەرەکی یەکێتیی و پارتی کە بێنە ناوەوە، بەداخەوە نە هاورێ کۆنەکانمان هاتوونەتە پێشێ و نە حکومەتیش بەجدی کاریکردووە بۆ ئەوەی کە لەیەك تەوەلابین، لەبەرئەوەی خەتەری ئەوە هەیە کە بەرخوردی فیزیکی بێتە پێشەوەو ئێمە بەهەموو شێوەیەك بەر لەو مەسەلەیە دەگرین، پێمانوایە ئێمە وەکو دوو حزب کە نەمانتوانیوە پێکەوە کاربکەین، دەتوانین لە چوارچێوەی دوو حزبدا کاربکەین با هەر یەکەمان هەوڵبدات و کاری لەو باشتر

بکات و ململانێی خراپە نەکەین.

**لڤین: ئێوە باسی نوێبوونەوە دەکەن، دەکرێت پێمانبڵێن لەم نوێبوونەوەیە چی دەکەن؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئەو شتانەی کە لە هێڵە گشتییەکاندا باسمانکردووە، پرەنسیپی حزبێکن کە خۆی بە بەشێك لە دونیای ئەمڕۆ دەزانێ، دەتوانین بە سیمینار بۆ هەموو کەسێکی دەربخەین، من کاتێکیش لە ڕێبەری حزبی دیموکراتدا بووم، ئەوەمان بە عەمەلی جێبەجێکردووە، وەنەبێت شتێکی تازەبێت و ئێستا بە فیکرماندا هاتبێ، بە نووسراویش هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج ساڵ و نیو بەر لە ئێستا من لە کۆنگرەی سیازدەش کە لێرە گرتمان، وتم؛ من هەموو تواناکانم دەخەمە خزمەتی ئەم حزبە بە مەرجێك ئەم حزبە بەرنامەی هەبێت و حزبی هەمووان بێت، ڕەنگە لە من بپرسیت ئەی بۆ بۆ خۆت بەرنامەت نەبوو، پێتاندەڵێم کە سێ مانگی دیکە دەبێتە سێ ساڵ کە بەرنامەم داوەتە کۆمیتەی ناوەندی و پەسەندیش کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا کارشکێنی تێداکراوە، ئەم شتانەشی کە دەیڵێم ئیدیعای تیانییە، هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئێستای حزبی دیموکرات لە هەردوو بەشەکە شاهێدن کە دوو جار بۆ بەڕێز کاك مستەفای هیجریم باسکردووە، بێئەوەی ئینکاریی یەك حەرفی بکات، پێمگوت تۆ زۆر کارشکێنی منت کردووە بۆ ئەوەی سەرنەکەوم، وتی؛ وایە، من وتم بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەم کە تۆ سەربکەویت و پێش هەمووان چەپڵەت بۆ لێدەدەم، بەڵام بە مەرجێك وابکەیت کە ئەم حزبە هی هەمووان بێت. دوو جار ڕووبەڕووی بوومەتەوەو قسەم لەتەکدا کردووەو ئینکاریی تەنها حەرفێکی نەکردووە بڵێت وا نەبووە، ئێمە بە هەوڵ و تەقەللای خۆمان و هاوڕێیانمان لە کۆنگرەی (دە)وە باسی ئاشکراکردنی بۆچوونی ئازاد بۆ کەمینەی فیکریی دەکەین، هەرجارەو چەند کەسێك دەبنە کەمینەی فیکریی، لە کۆنگرەی یازدەدا پەرەمان پێداو لە کۆنگرەی دوازدەدا پتر چەسپا.

**لڤین: هێنانی کۆمەڵێك گەنج بۆ سەرکردایەتی حزب کە شتێکی باشە، ئێوە ڕێدەدەن کە گەنج و ژنەکان بێنە سەرەوە؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئێمە دەڵێین دەبێت میکانیزمی بۆ دابنرێت، ڕەنگە هەتا دە ساڵی دیکە یان بیست ساڵی دیکە لە کۆنگرەدا پێشنیاربکەین کە پازدە کەس بۆ کۆمیتەی ناوەندی بێت، بیستوپێنج کەسیش کاندید بن بۆ کۆمیتەی ناوەندی، دە لاویان تێدابێت، پازدەی پیریان تێدابێت، لەبەرئەوەی کە ئەزموونیان هەیە، ڕەنگە پازدەکە دەنگ بهێننەوە یان پیاوان دەنگ بێننەوەو ژنەکان سەرنەکەون، بۆیە دەبێت میکانیزم دروستبکرێت و ڕێکبخرێت، دەبێت حەتمەن ژنان بێن و لاوانیش بێن، ئەوانەش ئیدیعای ئەوە دەکەن کە گەنجان بێنە پێشەوە، ڕەنگە خۆشیان پێنج شەش ساڵ لە پیرەکان کەمتربن، پیریی عەیب نییە، پیریی واتە عەقڵ، واتە ئەزموون، گەر پیریی عەیب بێت؛ ئەو عەیبە ئەوانیش دەگرێتەوە، لەو بیستوپێنجەی کە هەڵیدەبژێرین حەتمەن دەبێت بیستی پیاو بێت و پێنجەکەی تری ژن بێت، دەبێت میکانیزمی وا دابنێین کە پێنج ژن دەنگیان بدرێتێ. لە بەشی هەرە زۆری رابردووی حزبی دیموکرات مەسئولم بەشانازییەوە، مەسئولم لە چاکەو لە خراپەکەی، مێژوو لەو ڕۆژەوە دەستپێنەکردووە کە من دەسەڵاتم گرتۆتە دەست، لە هەمووی مەسئولم تا ئەو جێیەی تێیدابووم، کەمڕەنگی دەوری ژنان بەشێکی خەتای حزبەو بەشێکی خەتای حزب نییە، دەوری ژنان لە حزبی دیموکراتدا کەمڕەنگ بووە، دەبێت وا بکەین کە باشتربێت.

**لڤین: لە یەکێك لەو شتە باشانەی ئێوە، کارکردنە بۆ بەرەیەکی کوردستانیی، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە تۆ لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆتدا دژی دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانیی بوویت، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئەمە مەگەر دەنگۆبێت یان بەڕاشکاوی بگوترێت، ئەوە غەدرێکی هێجگار زۆرە گەر بوختانیشی پێنەڵێین، بەڵام شتێکم وتووەو ئێستەش دەیڵێم کە وتوومە وشەی (بەرە) بە دروست نازانم بۆ هاوپەیمانییەکی کوردستانیی، چونکە هێندەی من لە زاراوەی سیاسیی تێیگەم، کاتێك دەڵێین (بەرە) یان (جەبهە) لەگەڵ هاوپەیمانێتیی یان هاوبەندیی جیاوازییەکەی لەوەدایە کە وتت (بەرە) دەبێت بەرنامەی بۆ حکومەتی دوای گۆڕان هەبێت، لەوانی تردا بەرنامە هەیە بۆ خەبات و بۆ گۆڕانی بارودۆخەکە، بەڵام لە بەرەدا، دەبێت بەرنامەی بۆ حکومەتی دوای گۆڕانیش هەبێت، پێموایە لەم حاڵەتەدا بەرەی کوردستانیی زۆر مانای نییە، ئەگەر ئێمە شیعارەکەمان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە، ئەو وەختە مانای هەیە.

ئەگەر باسی فیدراڵی یان خودموختاری دەکەی، ئەوە بەرەی کوردستانیی ناتوانێت بەوشێوەیە هەبێت، چونکە سیستەمی حکومەت لە وڵاتدا، هەموو وڵاتەکە دایدەنێت و هەموو وڵاتەکە دایدەنێن، ناکرێت لە وڵاتێکدا سەرمایەداریی حوکم بکات، بەڵام لە بەشێکی وڵاتدا سۆشیالیزم حوکم بکات، من گوتوومە ناوی بەرە دروست نییە بۆ هاوپەیمانیی کوردستانیی هەتا ئەوکاتەی کە شیعار خودموختاری یان فیدراڵیزمە.

**لڤین: کاك مستەفای هیجری دەڵێت ئێمە زۆر هەوڵماندا کە جیانەبینەوە، بەڵام دەڵێت کاك عەبدوڵڵای حەسەن زادەو هاوڕێکانی بڕیاری خۆیان دابوو؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: هەر کەسەو حەقی خۆیەتی قسەبکات، بەڵام ڕاست بەپێچەوانە، ئەوان نەك بڕیاریان دابوو، بەڵکو بەکردار ئەم حزبەیان لەتکردبوو، ئەم حزبە لەمێژە لەتبووە، هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە نەبوو حزب لەتبکەین، بەڵکو هەوڵماندا ئەو حزبە لەتکراوە یەکبخەینەوە، نەك هەر لە خوارەوە، بەڵکو لە سەرەوەش لەتکرابوو، دەیان کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی کراوە بەبێ ئامادەبوونی ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵیان هاوبیرنەبوون، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کراوە بەبێ



بەشداریی ئەوان، کە تەلەفزیۆن دانراوە تاقە یەك کەسی تێدانییە کە ئەوان بە نامەحرەمی دەزانن، هەموو کەسێکیش باش دەزانێت ئەوانەی کە توانای نووسینو وەرگێڕانو ئەو بوارەیان هەیە زۆربەیان لەگەڵ لایەنەکەی ئێمەنو لە سەدا بیستیان لەگەڵ لایەنەکەی ئەوانن، باوەڕم پێبکە لە ساڵو نیوێك بەر لە ئێستە بەشێك لە مەداریسێکی ئەم حزبەیان راگوێستووە لێرە، لە هەر جێگەیەکدا کە کاریانکردووە بەجودایی کردوویانە، خەڵکێکی زۆریان لابردووەو ناچاریانکردووە بە دەرکردن، کەواتە ئەوان ئەو حزبەیان دوولەت کردبوو، هەر دوێنێ یادی دە ساڵەی یەکگرتنەوەی حزبمان کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو قسانە کرا کە باسی رۆژی یەکگرتنەوەو رۆژی دوای یەکگرتنەوە کرابوو، بەڵام ئەوان بۆ یەك رۆژ لە رۆژان دانیان بە یەکگرتنەوەدا نەنا، ئەوانەی کە ئێستا پێکەوەین هەمیشە هەوڵی یەکخستنەوەی حزبمان داوەو ئەوانیش موخالیف بوون، دوو جار کە کاك مستەفا سکرتێر بوو، من جێگری بووم، چوومە لایو وتم ئەوە داخوازی خەڵکە، وتی؛ من بەخیانەتی دەزانم، کاتێکیش کە باسکراوە، وتوویەتی من قبوڵم کردووە، بەڵام ئێستاکە بە هەڵەی دەزانم ئەگەر رۆژێك بە ئامادەبوونی حەکەمێكو هەزاران کەس دابنیشین، ئەوسا ئێمە پیشانیدەدەین کە چۆن رەفتارمانکردووە.

**لڤین: ئەوە دەڵێن کە ئێوە لەسەر دەسەلات بوون باسی دیموکراسیتان کردووەو بەشێوەیەکی زۆر نادیموکراسییش رەفتارتان کردووە، کاک مستەفای هیجری دەڵێت ماموستا عەبدوڵڵا دوای کۆنگرە وتوویەتی کە دەبێت بە هەموو شێوەیەک کەمینە لەژێر دەستی زۆرینەدا بێت؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئەو قسەیە کاك تەیموری مستەفایی وەبیریهێنایەوە، لە کۆبوونەوەی هەیئەتەکاندا ئەمەی گوت، وتی؛ ئەتۆ دوای کۆنگرەی (دە) وتووتە دەبێت کەمینە پەیرەوی زۆرینە بێت، وتم دوێنێ واموتووەو ئێستەش وادەڵێم، هەرجارەش بەشێك دەبن بە کەمینە، من لە ستۆکهۆڵم وتم حزبی دیموکرات حزبێکی دیموکراتە، بەڵام تاقیکردنەوەی واقیعی خۆی هەر نەداوە، چونکە هەتا ئێستا هەمیشە لە زۆرینەدا بووە، هەر کاتێك بوو بە کەمینەو سوژدەی بۆ ئیرادەی میللەت برد، ئەوکات دەردەکەوێت کە حزبێکی دیموکراتە.

**لڤین: ئێوە لە سێ دەوردا زۆرینە بوونو ئەوان کەمینە، دوای کۆنگرەی سیازدە ئەوان بوون بە زۆرینە، بۆ چاوەڕێی کۆنگرەتان نەکرد؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئەو زۆرینەیەی کە لە کۆنگرەی سیازدەدا بەدەستیانهێنا بە رێگایەکدا بەدەستیانهێنا کە کۆنگرەی دوازدە بە تاوان تا سنووری خیانەتی دەزانێ، دوای پێنج مانگ لە کۆنگرە، ئەندامێکی بالایان لە کۆبوونەوەیەکدا وتوویەتی؛ نیگەرانی کۆنگرەی چواردە مەبن، لە ئێستاوە دەزانین ئەو کورسییانە کێیان لەسەر دادەنیشێ، ئەوان ئاوا دەچنە کۆنگرەی چواردەوە، تەنانەت لە کۆنگرەیەکدا یەکێکیان وتبووی برۆ تا هەشت ساڵی دیکە، واتە زەمانەتمان کرد تا هەشت ساڵی دیکە.

**لڤین: پێتانوانییە کە کێشە دروستبێت لەنێوانتاندا بەوەی کە دوو ناوتان هەیەو یەک رۆژنامەو رادیۆ هەبێت؟**

عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ئەوان ناویان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئێمە ناومان حزبی دیموکراتی کوردستانە، لە دونیادا چەندان ناو وەك یەك هەیەو کێشەشی دروستنەکردووە، ئێمە ناڵێین ئەوان حزبی دیموکرات نین، بەڵکو ئەوان دەڵێن ئێمە سیازدە کەسمان هەیەو پازدەیان لە ژووری کۆنگرە هەڵبژێردراون، ئایا ئەو حزبە لەسەر شانو ملی کێ گەیشتۆتە ئەم کاتە؟ لەسەر شانو ملی ئەوان یان هی ئێمە؟ لە جێگەیەکدا کاك مستەفا دەڵێت بەپێی یاسای هەموو دنیا ئەوان حزبی دیموکرات نین، با قانوونی یەك وڵاتم بۆ بێنێ من قبوڵی دەکەمو دەستبەجێ دەیگۆڕین، ئەگەر ئەوان حەساسیەتیان بە ناوەکە هەیە، دەتوانن بیگۆڕن، ئەمریان کردووە کە نابێت جوابی سەلامبدەنەوە، ئایا ئەمە رەفتاری مرۆڤی ئەم سەردەمەیە، ئەو هاوڕێیانە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت موناقەشەی ئەفکاری سیاسییمانیان نەکردووە، هەر دەڵێن ئەوە لادەرەو ئەوە خیانەتی کردووەو شتی عەنتیکە دەڵێن، دەڵێن لە مەنتیقەی یەکێتی (300) کەس کوژراوە بە دەستووری جەلال تالەبانیو بە دەسیسەی عەبدوڵڵای حەسەن زادە، کە وانییە، ئەوە عەیبە، ئەگەر راستدەکەی بەناوی خۆتەوە بیڵێ با جواب وەربگریتەوە. لە ئەورووپا بلاویانکردبووەوە کە هەموو عەمەلیاتی ئەنفال بە دەسیسەی عەبدوڵڵای حەسەن زادە کراوە، بەڵام ناڵێن فلان نەزەرییەی عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە کاتی دەسەلاتی خۆیدا هەڵەبوو.

**لڤین: حەسەنی ئەیوب زادە لە نامەیەکیدا دەڵێت؛ ماموستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە**

**ئەو بەیاننامەی کە دەریکردووە بە ئاگاداری جەلال تالەبانی بووەو پاش گەڕانەوەی مام جەلال لە ئێران بەبێئەوەی کەس خەبەری لێی هەبێت جیابوونەوە دروستبووە؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: ئەم قسەیە شایانی جوابدانەوە نییە، شتێکی زۆر سەخیفە، نابێت جواب بدرێتەوە.

**لڤین: ئێوە لەگەڵ حزبە بەرهەڵستکارە فارسەکان لە ئێران کێشەتان بۆ دروستنابێت کە ئێوە داوای جیابوونەوە لە ئێران دەکەن؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: هیچکات داوای جیابوونەوەمان نەکردووە، هەر پێشیانوتووین کە جیاخوازن، حەقی جیابوونەوە حەقێکی میللەتی کوردە، بەڵام ئێستا ئەوە نالێین، سێ جاریش داوای ئەوەم کردووە کە میللەتی کورد یەك میللەتەو مافی خۆیانە کە یەکبگرنەوە.

**لڤین: هەموو حزبێک پاڵپشتی ماددیی دەوێت، ئێستا ئەوان دەڵێن هەموو بارەگاکانی حزب هی ئێمەیە، تا چەند ئەوە راستە کە ئێوە بەڵێنی هاوکاریتان لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانییو مام جەلالەوە پێدراوە؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: با ئەوان بێن وەك پیاوی سەربەخۆ لەسەر تەلەفزیۆن ئەو قسەیە بکەن، ئەو کاتە وەڵامیان دەدەینەوە.

**لڤین: ئەو پارەیەی کە حزب هەیەتی، کاک حەسەنی شەرەفی دەڵێت هی ئێمەیەو هیچیان پێنادەینەوە؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: قانونی یەك وڵاتم بۆ بێنە کە بڵێت مادام ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زۆرینە لای ئەوانن، دەبێت هەموو شتەکان بۆ ئەوان بێت، ئێمە هیچمان ناوێت.

**لڤین: ئەوان لە راگەیاندنەکانیدا ئێوە بە کۆمەڵێ کادیرو پێشمەرگە دەدەنە قەڵەم؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا کە کاك مستەفای هیجری بۆ خۆی پرسیارەکانو وەڵامەکانیشی پێشتر نوسیبوو، دەڵێت؛ لە کۆمیتەی ناوەندیدا شەش کەسن، لە بەدەنەدا کەمتریش، یانی لە واقیعدا پێنج کەسن، رەنگە ئەو قسەیە مرۆڤی بێئاگاو بێخەبەری پێهەڵبخەڵەتێ. نازانم ئەو قسانە کێی پێ فریودەدەن، ئەوان راستە لە کۆمیتەی ناوەندیدا زۆرینەن، گەر ئێمەش لە کۆنگرەکانی پێشوودا وەك ئەوانمان بکردایە لەجیاتی شەش کەس دوو کەس سێ کەسیان دەبوو، بەڵام ئێمە دیموکرات بووین.

**لڤین: کاک مستەفای هیجری دەڵێت" تەواوی حزب یاخیبووە لە دژی رێبەرایەتی کۆنگرەی دەو یازدە؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: نەخێر؛ تەواوی بەدەنەی حزب یاخی نەبووە، بەڵام کاك مستەفاو هاوکارانی ژێربەژێر کاریانکردووە، با ئێستە پێمانبڵێن بەدەنەی حزب لە چ سیاسەتێکی حزب نارازیی بووە، ئەوە دە ساڵی بەسەردا تێپەڕیو نەیانوت ئەو کەلیمە سیاسییە هەڵەبوو، بەڵام ئێمە زۆر شتمان وتووەو رەنگە زۆر شتی تریش بڵێین.

**لڤین: کاک مستەفا باسی هەوڵەکانی مام جەلالو کاک مەسعود دەکات بۆ یەکگرتنەوەی حزبو گوایە ئێوەشیان دیوە، بەڵام ئاکامی نەبووە؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: شتەکە روونە، ئەوان تۆمەتی دنیایان لە ئێمە داوە کە سەربەخۆیی حزب دەخەینە خەتەرەوە، من هەرگیز مەسائیلی نێو حزبم لای هیچ کەسێك باسنەکردووەو زۆریش داواملێکراوە، رۆژنامەی چاودێر پرسیاری لێکردمو وتی؛ سەبارەت بە ناوبژیوانی چی دەڵێی؟ وتم؛ من داوای ناوبژیوانی ناکەم، بەڵام ناوبژیوانیش شتێکی ئاساییە، بەڵام کاك مستەفا وتوویەتی ئێمە رەتیدەکەینەوەو هەر کاتێکیش هەر کەسێك هاتبێ بۆ ناوبژیوانی ئەو وتوویەتی هیچ نییە خۆمان چارەسەری دەکەینو بەئەدەبەوە پێیگوتوون ئێوە قسەی لێمەکەن. من شەفافتر قسەم لێکردووەو وتوومە بەڵێ کێشەمان هەیەو پێمانخۆشە ئێوە دەوری ناوبژیوان بگێڕن.

لڤین: لە یادی شێخ مەحموددا دەوترێت گوایە کۆبوونەوەیەك لەنێوان تۆو مام جەلالو کاك مستەفای هیجریدا کراوە؟

عەبدوڵلای حەسەن زادە: نەخێر؛ ئەوە زۆر ناڕاستەو کاك مستەفا هەر نەهاتە مەجلیسی نانخواردنەکەش، منیش تەنها کاتی پەردەلادان لەسەر پەیکەری شێخ، مام جەلالم دی، هەر کەس ئەو قسەیەی دروستکردبێت، خراپی دروستکردووە.

لڤین: گوایە دەوترێت کە کاك جەلیلی گادانی بەناوی حزبی ئێوەوە پەیوەندیی لەگەڵ موجاهیدیندا دروستکردووە؟

عەبدوڵلای حەسەن زادە: ئەوە دەنگۆسازکردنە، کاك جەلیل لێرە بەولاوە نەچووە، لە زەمانی دکتۆر قاسملوودا نامەمان بۆ موجاهیدین نووسیو وتمان پێمانخۆشە پەیوەندیی دووقۆڵیمان هەبێت، بەڵام ئەمە فرێ بەسەر راستییەوە نییە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ موجاهیدینی خەلق وەکو رێکخراوێکی دژ بە رژێمی ئیسلامیی پەیوەندیی بگرین، بۆچی دەبێت بیشارینەوە، ئەوە تاوانە؟!

**لڤین: کەی کۆنگرە دەگرنو سکرتێر بۆ حزب هەڵدەبژێرن؟**

عەبدوڵلای حەسەن زادە: هیچ رێبەرییەکی تازەمان هەڵنەبژاردووەو هەر ئەوانەن کە لە کۆنگرەی سیازدەدا دەرچوون، بەڵام پێمانخۆشە کە دەستمان ئاوەڵابێتو زوو بگەینە کۆنگرە.

لڤین: کاك باباعەلی میهرپەروەر دەستی لەکارکێشابووەوەو ئێوەش لە بەیاننامەیەکدا پێشوازیتان لێکرد، تا چەند ئەوە راستە کە ئێوە داواتان لێکردبێت بۆ ئەوەی ببێتە سکرتێری حزبەکەتان؟

عەبدوڵلای حەسەن زادە: بە هیچ شێوەیەك داوامان لێنەکردووە، بەڵام کاك باباعەلی یەکێکە لە تێکۆشەرانی ئەو حزبە، دەورێکی زۆر باشی هەبووە بۆ نزیککردنەوەی ئەم دوو باڵەی ناو دیموکرات، هەوڵی زۆریداو ئەزیەتیشیان زۆردا بە تاوانی ئەوەی کە رۆژێك لە رۆژان خۆی کاندیدکردبوو بۆ سکرتێری حزب، ئێمە داوامان لێکردووە کە ئەمە حزبی خۆیەتیو بابێت لە ریزی هەرەپێشەوەی ئەم حزبەدا کاربکات، باسی سکرتێرییمان نەکردووە.